لە بلاوکراوەکانی ماڵپەڕی ئیمان وەن

www.iman1.com


# سیاسەت لە ئیسلامدا

## بریتی نییە لە ململانێ کردن لەگەڵ کاربەدەستاندا لەسەر کورسی وحوکم و دەسەلاٌت


نوسینی

م.عبداللطیف احمد مصطفی

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

سیاسەت وشەیەكی عەرەبی‌یە، وەماناكەی بریتیە لە: بەڕێوەبردنی كاروبارو هەڵسان بە چاككردنی، واتە: (تدبير الأمور والقيام بإصلاحها).

وە لای سیاسەت مەدارانی ئەمڕۆ سیاسەت بریتی‌یە لە: (بەڕێوەبردنی كاروباری دەوڵەت)(1).

وە لە ڕوانگە ودیدی ئیسلامیشەوە بریتی‌یە لە: (رعاية شئون الأُمّة في الداخل والخارج بما لا يخالف الشريعة الإسلامية)(2) واتە: چاودێری كردن و سەر پەرشتی كردن و بەڕێوەبردنی كاروباری گەل و وواڵات لەناوەوەو دەرەوە، بەڕێوەبردنێكی وەها كە پێچەوانەی شەریعەتی دانەری ئەرزو ئاسمان نەبێت.

وە مەرج نی‌یە هەموو ئەو یاسایانەی كە گەل و وڵاتی پێ بەڕێوە دەبرێ ئایەت وحەدیسیان لەسەر هاتبێ، بەڵكو دروستە بەگوێرەی پێداویستیەكانی سەردەم یاسای بەڕێوەبردن دابنرێت كە لە خزمەتی گەل و وڵاتدا بێت، بەڵام بەمەرجێك دژی یاساكانی خوا نەبن.

بۆ نمونە: زۆرێك لەیاساكانی هاتوچۆ وڕێگاوبان (مرور) و شارەوانی و ئاو وكارباو ... هتد پێوستن بۆ بەڕێوەچونی ژیان بە باشی، وەئەگەر ئەم یاسایانە پێشێل بكرێن ئەوە ئاژاوەو ئاشوب دەكەوێتە نێوان خەڵكی، وە ژیان تێك دەچێت لە چەند لایەكەوە.

وە هەرچەندە ئەم جۆرە یاسایانە لەسەردەمی پێغەمبەرﷺ نەبوون، بەڵام پێچەوانەش نین لەگەڵ سیاسەتەكەی پێغەمبەرﷺ، چونكە ئیسلام بۆ ئەوە هاتووە كە: (هەر شتێك سود بەخش و باش و پاك ودادپەروەری بێت بۆ خەڵك دابنرێت، وە هەر شتێكیش كەزیان بەخش و خراپ و پیس و ستەم بێت لە خەڵك قەدەغە بكرێت)، وەك خوای گەورە فەرموویەتی:

---

(1) **بروانە**: (مبادئ علم السياسية ص15، **وە**: قاموس المصطلحات السياسية: ص 267).

(2) **بروانە**: (السياسة الشرعية في إصلاح الراعي والرعية).

﴿إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالإِحْسَانِ وَإِيتَاء ذِي الْقُرْبَى وَيَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاء وَالْمُنكَرِ وَالْبَغْيِ﴾ ﴿النحل: 90﴾ .

واتە: خوای گەورە فەرمان دەكات بەدادپەروەریەتی و چاكەكردن و باش بوون، وە نەهی دەكات لە بەدڕەوشتی و خراپەو زوڵم و ستەم.

كەواتە: هەر یاسایەكی بەڕێوەبردن (القوانین الإدارية) كە زوڵم وستەم و خراپەو بەدڕەوشتی و زەرەر وزیانی تێدا نەبێت، ئەوە ئیسلام پێی رازیەو فەرمانی لەسەریەتی بادەقی قورئانیشی لەسەر نەهاتبێت. وە هەر كەسێ وابزانێت كەهەر یاسایەك لە قورئان و حەدیسدا نەهاتبێت ئەوە بێ شەرعی‌یە ئەوە ئەو كەسە خۆی ناحاڵی و تێنەگەیشتووە لە ئیسلام و توندڕەوە، وە ابن القیم لەم بارەیەوە فەرمویەتی: (ومن قال: لا سیاسة إلا ما نطق به الشرع فغلط)[3] .

بەڵام ئەگەر یاسا دانراوەكە تەشریعی بوو نەك ئیداری، وە پێچەوانەی شەرعی خوا بوو، ئەوە ڕەت دەكرێتەوەو دروست نی‌یەو زیان بەخشەو لە بەرژەوەندی خەڵكیدا نی‌یە، وە بێگومان شەرعی خوا لەبەرژەوەندی خەڵكدایە لە هەموو كات و شوێنێك، چونكە ئەو خوایەی كەمرۆڤ و هەموو بوونەوەری دروست كردووە زۆر بەتەواوی و لەباری وجوانی و وردەكاری وە بێ ئەوەی عەیبێك هەبێت لە دروستكردنی بوونەوەردا، هەر ئەویش یاسای ژیان و بەڕێوەچوونی بۆداناوە، چونكە هەموو كات دروستكەری ئامێرێك هەر خۆی كەتەلۆكی بۆدادەنێت" چونكە دروستكاری ئامێرەكە خۆی دەزانێت چی دروست كردووەو چۆنیش بەڕێوەدەچێت، وەخوای پەروەردگاریش خۆی دەزانێ چی دروست كردووەو چ یاسایەكیش دەشێت لەگەڵ ئەم بوونەوەرەی خۆیدا. وە مەعقول نی‌یە -بۆ نمونە- یابان ئامێرێكمان بۆ دروست بكات زۆر بەوردی و ئەندازەیی، وە ئێمەش بڵێین خۆمان كەتەلۆكی بۆ دادەنێین، چونكە زۆر وردەكاری هەیە ئێمە نایزانین و هەستی پێ‌ناكەین جا كە ڕێنمایی لە دروست كارەكە وەرنەگرین ئامێرەكە تێك دەدەین، وەهەروەها كۆمەڵە نەخۆشێك - كە دوای شیكردنەوەو پشكنینێكی زۆر ورد پزیشكەكە لێیان حاڵی دەبێت و نەخۆشی‌یەكەیان دەدۆزرێتەوەو چارەسەری گونجاویشیان بۆدادەنێت - جا ئایا دەشێت نەخۆشەكان بڵێین ئێمە گوێ نادەینە دكتۆرو خۆمان لەناو خۆماندا نەخۆشی‌یەكانمان دیاری دەكەین و عیلاج بۆیەكتری دادەنێین؟! بێگومان ناگونجێ، وەهەر كاتێكیش خەڵكی وازبهێنن لە شەریعەتی خوا بۆ شەریعەتی خۆیان ئەوە وەكو نەخۆشەكانیان لێ دێت، كەواتە

---

(3) بږوانه: (الطرق الحكمية: ص21).

شەریعەتەکەی خوا پێویستەو گونجاوە بۆ هەموو ئەو کەس و شوێن و سەردەمانەی کە لەناو چوارچێوەی زەوی و ئاسمانەکەی خوای گەورەدان، وە هەر کەسێك کە بێ پێویست بوو لە خۆر و مانگ و زەوی وئاسمان و باران و ئەو هەوایەی کە خوا دایناوە، ئەوا ئەو کاتە ئەو کەسە بێ پێویست دەبێت لە شەرعەکەی خوایش، وە هەر کاتێ کە زەوی وئاسمان و خۆر کۆن بوون و نەگونجاو بوون لەگەڵ سەردەمی پێشکەوتن، ئەوە ئەو کاتە بۆیان هەیە بڵێن ئیسلام کۆنە پەرستی‌یەو بۆ ئەم سەردەمە ناشێت، ئەوەی کە تۆیش و بوونەوەریشی دروست کردووە بەڕێکی هەر ئەویشە شەریعەتی بۆ داناویت، جا کە لە خۆت ناڕازیت ئەوا لە شەریعەتیش ناڕازیبە!!.

**تێبینی‌یەکی گرنگ:**

بەڵام کاتێك کە دەڵێین سیاسەتی ئیسلام تەواوە بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی خەڵکی مەبەستمان ئەو سیاسەتەیە کە لە قورئان وسوننەتدا هاتووە وە پێشینە چاکەکان پەیڕەویان کردووە، نەك ئەو سیاسەتە بەناو ئیسلامی‌یەی کە ئەمڕۆ زۆرێك لە گروپە حیزبی‌یەکان پەیڕەوی دەکەن، کە لە ڕاستیدا سیاسەتی ئیسلام نی‌یە بەڵکو سیاسەتێکی تەسکی توندی حیزبی‌یە، کە مەبەستی گەورە تیایدا ململانێ کردنە لەگەڵ دەسەڵاتداران لەسەر کورسی حوکم و دەسەڵات، وە بۆ ئەم مەبەستەش چەندەها شێوازو هۆکاری توندو ناشەرعیان گرتۆتەبەر، وەك زێدەڕەوی کردن لە بەکافر دانان و حەلاڵ کردنی خوێنی خەڵك و شۆرش کردن و تیرۆرو تۆقاندن و تەقاندنەوەو وێرانکاری، وە بەم کارانەیان گەورەترین خزمەتیان بە کوفرو دوژمنانی دین گەیاندووە نەك بە ئیسلام و موسڵمانان، بەرهەمی سیاسەتەکەیان وێرانکاری و کاول کاری و کوشتارو خوێن ڕێژی و ناشیرن کردنی ئیسلام و بوار تەسك کردنەوەیە لەسەر بانگەوازی ئیسلامی ڕاستەقینە.

وە خوای گەورە بەکورتی و پوختی لە دوو ئایەتدا باسی سیاسەتی شەرعی بۆ بەڕێوەبردن و چاککردنی کاروباری کاربەدەستان و گەلەکانیانی کردووە:

ئایەتی یەکەم بۆ کاربەدەستان:

**﴿إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ إِنَّ اللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُمْ بِهِ إِنَّ اللَّهَ كَانَ سَمِيعًا بَصِيرًا﴾** ﴿النساء: 58﴾.

واتە: ئەی کاربەدەستان خوای پەروەردگار فەرمانتان پێ دەکات کە ئەو ئەمانەتەی پێتان سپێردراوە بیگەیەنن بە ئەهلی خۆی، وە کەسێك دابنێن بە وەزیرو یارمەتی

دەرو لێپرسراو بەسەر خەڵکی‌یەوە کە ئەهل وشیاو بێت بۆ ئەم ئەرکەو ئەمیندارو بە توانا بێت، وە بە دادپەروەریش حوکم بکەن لە نێوان خەڵکیدا و جیاوازی مەکەن لە نێوان هەژار و دەوڵەمەندو بێ دەسەڵات و دەسەڵاتدار و خزم و بێگانەدا، پێویستە ئێوەی کاربەدەستان بۆ هەموو گەلەکەتان وەك باوکێك وابن کە جیاوازی ناکات لە نێوان منداڵەکانیدا.

وە دوای ئەوە خوای پەروەردگار ئامۆژگاری خەڵکی ژێر دەسەڵاتی کاربەدەستان دەکات و سیاسەتێکی شەرعیش بۆ ئەوان دادەنێت کە لە سەری بڕۆن بە گوێرەی ئەوە مامەڵە لەگەڵ کاربەدەستەکانیان بکەن، دەفەرموێت:

**﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ﴾** ﴿النساء: 59﴾ .

واتە: ئەی ئیمانداران پێویستە لەسەر ئێوەیش گوێڕایەڵی خواو گوێڕایەڵی پێغەمبەرﷺ و کاربەدەستەکانتان بکەن لە هەموو فەرمانێکی چاکەدا ئەگەرچی لە قورئانیشدا نەهاتبێت، بەڵام بە مەرجێك دژ بە خواو پێغەمبەرﷺ نەبێت و لە بەرژەوەندی گەل و وڵاتدا بێت.

وە هاوکاریان لەگەڵدا بکەن لەهەموو کارێکی خزمەت گوزاریدا، وە ئەگەر کاربەدەستەکانیشتان خراپ بوون یان بەگوێرەی سیاسەتی شەرعی وڵاتیان بەڕێوە نەبرد، ئەوە بە خراپەکەیان ڕازی مەبن وئامۆژگاریان بکەن نەك شۆڕشیان دژ بکەن و فیتنەو ئاژاوەو خوێن ڕێژی بڵاو بکەنەوە، بۆ نمونە پێغەمبەرﷺ فەرمویەتی:

**(يَكُونُ بَعْدِي أَئِمَّةٌ لَا يَهْتَدُونَ بِهُدَايَ وَلَا يَسْتَنُّونَ بِسُنَّتِي وَسَيَقُومُ فِيهِمْ رِجَالٌ قُلُوبُهُمْ قُلُوبُ الشَّيَاطِينِ فِي جُثْمَانِ إِنْسٍ، قَالَ: قُلْتُ كَيْفَ أَصْنَعُ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنْ أَدْرَكْتُ ذَلِكَ قَالَ تَسْمَعُ وَتُطِيعُ لِلْأَمِيرِ وَإِنْ ضُرِبَ ظَهْرُكَ وَأُخِذَ مَالُكَ فَاسْمَعْ وَأَطِعْ)**[4] .

واتە: لە دواییدا کاربەدەستانێك دێن بەگوێرەی سیاسەتی شەرعی من بەڕێوە ناچن وشوێن سوننەتی من ناکەون، وە هی وەهایان تێدا دەبێت کە دڵەکانیان وەك دڵی شەیتانەکانە، بەڵام تەنها بە لاشەو ڕواڵەت مرۆڤن، واتە دڕندەو ستەمکارو خیانەتکارن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گوێڕایەڵی کاربەدەست بکەو دژایەتی مەکە، ئەگەرچی لێشت بدات وماڵیشت بخوات. چونکە دژایەتی کردنیان و شۆڕش کردن دژیان زیانی زیاترە لە قازانج.

وە هەروەها فەرمویەتی:

**(مَنْ رأى مِنْ أَمِيرِهِ شَيْئًا يَكْرَهُهُ فَلْيَصْبِرْ عَلَيْهِ)**[ ] .

---

(4) (رواه مسلم عن حذيفة ﷺ، وانظر: سلسلة الأحاديث الصحيحة: 2739).

واتە: هەرکەسێ خراپە لە کاربەدەست ببینێت با سەبر بگرێت، نەك شۆرش بکا دژیان.

وە هەروەها فەرمویەتی:

**(فَمَنْ كَرِهَ فَقَدْ بَرِئَ وَمَنْ أَنْكَرَ فَقَدْ سَلِمَ، وَلَكِنْ مَنْ رَضِيَ وَتَابَعَ قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَلَا نُقَاتِلُهُمْ؟ قَالَ: لا مَا صَلَّوْا)**[6] .

واتە: ئەو کەسەی لە دڵدا خراپەی کاربەدەستی پێ ناخۆش بێت و ئینکاری لێبکات ورازی نەبێت بە خراپەکانیان ئەوە رزگاری بووە لە گوناهو دوو ڕوویی، بەڵام تاوان لەسەر ئەو کەسەیە کە ڕازی بێت بە خراپەکانیان و شوێنیان بکەوێت. وە خوای گەورە فەرمویەتی: **(أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ آمَنُوا بِمَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنْزِلَ مِنْ قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَنْ يَتَحَاكَمُوا إِلَى الطَّاغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوا أَنْ يَكْفُرُوا بِهِ وَيُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَنْ يُضِلَّهُمْ ضَلَالًا بَعِيدًا وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا إِلَى مَا أَنْزَلَ اللَّهُ وَإِلَى الرَّسُولِ رَأَيْتَ الْمُنَافِقِينَ يَصُدُّونَ عَنْكَ صُدُودًا فَكَيْفَ إِذَا أَصَابَتْهُمْ مُصِيبَةٌ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ ثُمَّ جَاءُوكَ يَحْلِفُونَ بِاللَّهِ إِنْ أَرَدْنَا إِلَّا إِحْسَانًا وَتَوْفِيقًا أُولَئِكَ الَّذِينَ يَعْلَمُ اللَّهُ مَا فِي قُلُوبِهِمْ فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ وَعِظْهُمْ وَقُلْ لَهُمْ فِي أَنْفُسِهِمْ قَوْلًا بَلِيغًا)** ﴿النساء:60-63﴾.

واتە: ئەی **محمد**ﷺ نابینیت ئەوانەی وا ئیددیعا دەکەن کە ئیماندارن بەڵام دەیانەوێت حوکم بە گاغوت[7] بکەن نەك بە شەرع! کەوا پێویستە کافر بن بە گاغوت نەك حوکمی پێ بکەن ... وە کاتێك کە بانگیان بکەیت بۆ شەرعی خواو پێغەمبەرﷺ ئەوا دەبینیت موونافیقەکان دووردەکەونەوە لێت، ... ئەوانە خوای پەروەردگار دەزانێت چ نیفاق و بێ ئیمانی‌یەك لە دڵیاندایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تۆ وازیان لێ بهێنەو کێشەیان لەگەڵ دروست مەکە[8] ، بەڵکو ئامۆژگاریان بکە بە

---

(5) (صحيح الجامع الصغير: 6249) .

(6) (رواه مسلم عن أم سلمة(رضي الله عنها)، وانظر: مشكاة المصابيح: 1083).

(7) (طاغوت **لێرە بەمانای ئەو یاسا دانراوانە دێت کە پێچەوانەی شەریعەتن)!.**

(8) **بڕوانە تەفسیری:** (جامع البيان) للطبري ( 8 / 515) **کە لە لێکدانەوەی ئایەتەکەدا فەرمویەتی:** (فدعهم فلا تعاقبهم في أبدانهم وأجسامهم، ولكن عِظهم بتخويفك إياهم بأسَ الله أن يحلّ بهم، وعقوبته أن تنزل بدارهم، وحذِّرهم من مكروهِ ما هم عليه من الشك في أمر الله وأمر رسوله ).

نهێنی له نێوان خۆت وخۆیاندا، نەك بە ئاشكرا لە كۆڕو كۆمەڵگاو سەر مینبەرەكان، وە بیانترسێنە بە سزای خوا ئەگەر تۆبە نەكەن لە حوكمی گاغوت[9] .
ئەمە سیاسەتی شەرعی‌یە لەگەڵ ئەو حاكمانەی كە نیفاق لەدڵیاندایەو حوكمیش بە گاغوت دەكەن ئەگەر مەبەستمان خوا بێت نەك كورسی، وە ئەگەر بە قورئان وسوننەت ئیش بكەین نەك بە سیاسەتی حیزبی و بڕیاری نەفسی.
وە هەر كەسێكیش لەم سیاسەتە شەرعی‌یە لابدات ئەوە زەرەر دەگەیەنێت بە خۆیشی و موسڵمانانیش، وە مێژووش شاهیدە لەسەر ئەم ڕاستی‌یە، بۆنموونە:
حەجاجی كوڕی یوسفی ﭙﮪ ﻗﮪ ﻓﻰ كە حاكمێكی خوێن ڕێژی فاسقی خراپ بوو لە عیراق، وە یەكێك لە كاربەدەستەكانی ژێر دەسەڵاتی حەجاج كە ناوی عبدالرحمن كوڕی ئەشعە ﭗ بوو كە والی خوراسان بوو شۆڕشێكی پێك هێنا دژ بە حەجاج، وە زیاتر لە (500) لە زانایان وپیاوچاكان كەوتنە شوێن كوڕی ئەشعەپ، بەڵام زانا بەرزەكانی وەك ئیبن سیرین و مگرف بن عبدالله بن شخّیر وحەسەنی بەصری ناڕەزا بوون بەم شۆڕش و دەرچونە لەسەر حەجاج، وە حەسەنی بەصری دەیفەرموو: (حەجاج سزای خوایە، وە سزای خوا لاناچێت لەسەرتان بە دەست وبازوو و شەڕكردن، بەڵكو لەسەرتان پێویستە كە بگەڕێنەوە لای خواو تۆبە بكەن لە تاوانەكانتان كە بۆتە هۆی سزای خوا، وە خوای گەورە دەفەرموێت:
﴿وَلَقَدْ أَخَذْنَاهُم بِالْعَذَابِ فَمَا اسْتَكَانُوا لِرَبِّهِمْ وَمَا يَتَضَرَّعُونَ﴾ ﴿المؤمنون: 76﴾ .
واتە: سزامان بۆ ناردن بۆ ئەوەی كە بگەڕێنەوە لای خواو بێنەوە هۆش خۆیان بەڵام زەلیل نەبوون بۆ خواو لێی نەپاڕانەوە!.
بەڵام شۆڕش گێڕان بەقسەو ئامۆژگاری زانا گەورەكانی وەك حەسەنی بەصریان نەكرد، وە لە ئەنجامیشدا هیچیان بەهیچ نەكرد (فلا أقاموا ديناً ولا أبقوا دُنيا )، وە دۆڕان و تێشكان و زۆریان كوژران و زۆریشیان بەند كران و هەندێكیشیان ڕایان كرد، وە ڕوداوی تری لەم جۆرەش زۆر دووبارە بونەتەوە لە مێژودا، تا سەردەمی ئەمڕۆمان كە لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی ململانێ لەگەڵ حكومەت ڕویداوە ئەنجامیش خوێن ڕژانێكی زۆری بێ سود، بەڵكو بوونە هۆی ناشیرین كردنی ئیسلام و نامۆ كردنی لە ناو خەڵكداو قەدەغە كرانی بانگەوازی ئیسلام و دیاردەی

---

(9) **بڕوانە تەفسیری:** (تيسير الكريم الرحمن) لابن سعدي – (1 / 184) **كە لە لێكدانەوەی ئایەتەكەدا،"**وقل لهم في أنفسهم قولا بليغًا" **فەرمویەتی:** ((أي: انصحهم سِرّا بينك وبينهم، فإنه أنجح لحصول المقصود، وبالغ في زجرهم وقمعهم عمَّا كانوا عليه، وفي هذا دليل علـــى أن مقترف المعاصي وإن أعرض عنه **فإنه ينصح سرًا**، ويبالغ في وعظه بما يظن حصول المقصود به).

ئیسلامی، بڕوانە ئەفغانستان بەڵکو بڕوانە کوردستان چەندان ساڵ خوێن ڕێژی دوایش بوون بە ئەندام لەو پەرلەمان وحکومەتەی کە پێشتر دانیشتن تیایدا بە کوفر دادەنرا!.

**ئایا ئیسلام دین ودەوڵەتە یان پەیوەندی بە دەوڵەتەوە نی‌یەو تەنها پەیوەندی نێوان خواو بەندەکانیەتی؟!.**

1- هەندێ کەس پێیان وایە ئیسلام پەیوەندی بە دەوڵەتەوە نی‌یەو تەنها پەیوەندی بە بەرماڵ و مزگەوتەوە هەیە!.

2- وە هەندێ کەسی تر لایان وایە کە ئیسلام دەوڵەتەو ئەگەر دەوڵەت بەتەواوی بەگوێرەی ئیسلام نەبوو ئەوە ئیسلامەتی نی‌یە، جا لەبەر ئەوە هەوڵی گەورەیان دامەزراندنی حکومەتێکی ئیسلامی‌یە، وە لەم پێناوەدا کەوتوونەتە ململانێیەکی توند لەگەڵ کاربەدەستان و هەوڵی لادانیان دەدەن، وە زۆربەی ئەم وەسیلانە دەگرنە بەر کە کاربەدەستەکان گرتویانەتە بەر بۆ حوکمڕانی ئەگەرچی بێ شەرعیش بێت! وە بێ ئاگان لە بانگەوازی کردنی خەڵکی بۆ تەنها خوا پەرستی و شوێن کەوتنی سوننەت، وە وەك پێویست گرنگی نادەن بە بەهەشت و جەهەنەمی خەڵك، بەڵکو کێشەی گەورەیان کاربەدەستانە.

وە بە گوێرەی تەرازوی عەقڵ و شەرعیش هەردوو بۆچونەکەی پێشوو لە میانڕەوی و ڕاستەڕێ لایان داوە بەرەو لاڕێیی کورت ڕەوی و زێدە ڕەوی، چونکە ئیسلام هەموو بوارەکانی ژیان -وەك کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕامیاری و بەڕێوەبردن- ڕێك دەخات، ، وە ئیسلام تەنها بریتی نی‌یە لە:

1- پەیوەندی نێوان خواو بەندە، بەڵکو:

2- پەیوەندی مرۆڤ بە تاك و کۆمەڵیش ڕێك دەخات، وە ئەو پەیوەندیەش پێك هاتووە لەسەر بناغەی ڕاست گۆیی و دەست پاکی وئەمینداری و دادپەروەری وچاکەکاری وخێرخوازی ولێ بووردەیی و نەرم و نیانی وڕەوشتی جوان و بێ فێڵی.

3- وە پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان و کاربەدەستانیش ڕێك دەخات بەو شێوەیەی کە بەرژەوەندی هەموو لایەکی تێدایە، دوور لە فیتنەو ئاشوب و ئاژاوە لەسەر بناغەی هاوکاری لەسەر چاکە.

4- وە پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان وگیانلەبەرانی ترو بوونەوەریشی بەگشتی تێدایە.

وە لەوەش زیاتر پەروەردگار فەرمویەتی:

﴿وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي الأَرْضِ وَلاَ طَائِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلاَّ أُمَمٌ أَمْثَالُكُم مَّا فَرَّطْنَا فِي الكِتَابِ مِن شَيْءٍ ثُمَّ إِلَى رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ﴾ ﴿الأنعام: 38﴾ .
واتە: هیچ گیانلەبەرێك نیيە كە بەسەر زەویدا دەڕوات و هیچ باڵندەیەكیش نیيە كە دەفڕێت بە باڵەكانی لە ئاسمان ئیللا گەلانێكن وەكو ئێوە لەسەر یاسای خوا دەڕۆن ، وە خوای گەورە لە كتێبەكەیدا هیچ لایەن و بوارێكی ژیانی ئیهمال نەكردووە، وە لەپاش مردنیش هەموو مرۆڤەكانیش وگیان لەبەرانیش كۆ دەكرێنەوە لای خوا بۆ دادگای دادپەروەری.
وە نمونەی زۆرمان هەیە كە تیایدا دەردەكەوێت شەریعەتەكەی خواو سیاسەتی ئیسلام گونجاوە بۆ هەموو كات و شوێنێك، وە هۆی ڕاست بەڕێوەچونی ژیانی خەڵكیيەو لە بەرژەوەندی تاك و كۆمەڵدایە، نەك یاسا دانراوە دژ بەیەكەكانی مرۆڤە دروست كراوەكان.
وە دوای ئەم ڕوون كردنەوەیە پرسیارێك دێتە پێش، كە ئەمەیە:
وەچەند نمونەیەك لەسەر ئەمە:
نمونەی یەكەم: (القصاص) واتە: سزادانی تاوانبار بە وێنەی تاوانەكی خۆی، بەمەرجێك تاوانێكی بەدڕەوشتی نەبێت، بۆ نمونە كەكەسێكی بێتاوان بكوژێت بە ناحەق بە ئیختیاری خۆی، ئەوە لە شەریعەتی ئیسلامدا پێویستە بكوژرێتەوە، وە ئەم تۆڵە سەندنەوەیە بەرژەوەندی زۆری تێدایەو هۆی بەردەوام بوونی ژیانی خەڵكە لەچەند ڕووانگەیەكەوە: بۆ نمونە ئەگەر پیاوكوژ بزانێ دەكوژرێتەوەو تەنها بەبەندكردن ڕزگاری نابێت ئەوە وازدەهێنێت لە كوشتنی مرۆڤە بێتاوانەكان لەترسی كوشتنەوەی خۆی. كەواتە: دوو كەس ژیانیان دەست دەكەوێت بەهۆی یاسای تۆڵە سەندنەوەوە (شريعة القصاص) یەكەمیان: ئەو كەسەی كە خەریك بوو بكوژرێت ، وە دوومیان ئەو كەسەی كەخەریك بوو بكوژێت.
وە زۆر جار دەبیستین لەبری كەسێك چەندان كەسی بێتاوان لە كەس وكاری بكوژ (قاتل) دەكوژرێن، وەئەوانیش جارێكی تر تۆڵە دەكەنەوە بۆ كوژراوە بێتاوانەكانیان وە بەمە فیتنەو كوشتارێكی زۆر پەیدا دەبێت بەهۆی پاپەند نەبون بە شەریعەتی تۆڵەی عادلانەی بێكەم و زیاد (القصاص)، وە ئەگەر لە شەریعەتی خوا لامان نەدابا بۆ یاسای مرۆڤ لەم بارەیەوە، وە تۆڵەی عادلانەی لێكرابایەوە نەك بە (بەند كردن) وازی لێ هێندرابا ئەوە تەنها تاوان بار تۆڵەی لێ دەكرایەوەو ئەم هەموو كوشتارو فیتنەو ئاژاوەیەش دروست نەدەبوو . وە هەروەها لەبیریشمان نەچێت كە بەند كردنی

پیاو کوژان گەورەترین زیانە لە کۆمەڵگا" چونکە بەندینخانە بۆتە قوتابخانەیەك بۆ فێربوونی جۆرەها شێوازی کوشتن کە پیاو کوژەکان بۆ یەکتری باس دەکەن و لەیەکتری فێری دەبن! کەواتە دەرکەوت کە تۆڵە (القصاص) کوشتن ناهێڵێت، وە ژیانی خەڵك لە تۆڵە (القصاص) دایە، وەك پەروەردگار فەرمویەتی:
﴿وَلَكُمْ فِي الْقِصَاصِ حَيَاةٌ﴾ ﴿البقرە: 179﴾.
نمونەی دووەم: (بڕینی دەستی دز) لە شەریعەتی خوادا پێویستە دز دەستی ببڕدرێت لەسەر دزینی شتێك کە نرخەکەی (30,000) سی هەزار دیناری گبع بێت، بەڵام یاسای داندراوی مرۆڤ دەڵێت: چۆن دەبێت دەستێك ببڕدرێت کەخوێنەکەی لە ئیسلامدا (500) مسقاڵ زێڕە، واتە کەسێك بە ناحەق دەستی کەسێك ببڕێت دەبێت خوێنی بدات کە بریتی‌یە لە (500) مسقاڵ زێڕ، جا دەڵێن دەستێك کە ئاوا بە نرخ بێت لە ئیسلامدا چۆن دەبێ ببڕدرێت لە بری دزینی سی هەزار دینار؟!.
وە لەم بارەیەوە شاعیرێکی نەفام وتویەتی:

یدٌ بِخَمسِ مئينَ عَسجَدٍ وُدِيَتْ ما بالها قُطِعَتْ فی رُبع دینار؟!

واتە: چۆن دەستێك خوێنەکەی (500) مسقاڵ زێڕ بێت، دەبڕدرێت لە سەر دزینی روبعە دینارێکی زێر کە سی هەزار دیناری ئەمڕۆ دەکات؟!. لە وەڵامدا شاعیرێك فەرمویەتی:

صِيانةُ العُضْوِ أغلاها، وأرخصَها حِمايةُ المالِ فافْهَمْ حِكمةَ البـاری

واتە: پارێزگاری کردن لە دەستەکە نرخەکەی گران کردووە، واتە بۆ ئەوەی کەس نەوێرێت دەست درێژی بکات بۆ بڕینی دەستی کەس، خوێنی دەست بڕینی بە ناحەق گران کراوە .
بەڵام هۆی بێ نرخی دەستی دز ئەوەیە کە ماڵی خەڵکی بپارێزرێت، واتە: مرۆڤی دز دەزانێت کە ئەگەر سی هەزار بدزێت کە چەند کەمە ئەوە دەستی دەبڕن، ئەو کاتە ناوێرێ کەمترین ماڵی خەڵك بدزێ .
بەڵام ئەگەر پێچەوانە کرابایەوە، واتە: تاوەکو ماڵێکی زۆری نەدزیبا دەستی نەبڕابا، بۆ نمونە تاوەکو (500) مسقاڵ نەدزێت دەستی نەبڕێ ئەوە ماڵی خەڵك نەدەپارێزرا،

وە دزی زۆر دەبوو، چونکە دزەکان -بۆنمونە- (499) مسقاڵ دەدزن وە دەستیشیان نابڕدرێت . کەواتە: ماڵی خەڵك دەدزرێت ودزی زۆردەبێت، کەواتە: بۆئەوەی دزی نەمێنێت وکەس کەمترین ماڵی کەس نەدزێت ئەوە لەسەر (30,000) دەست دەبڕدرێت، وە بۆ ئەوەی دەستی پاك و ئەمینیش بپارێزرێت وەکەس دەست درێژی نەکاتە سەر، ئەوە خوێنەکەی گران کراوە .

وەهەروەها وەڵامێکی تری شاعیرە نەفامەکەش دراوەتەوە بەم دێرە شعرە:

عِزُّ الأمانةِ أغلاها، وأرخصها ذُلُّ الخِيانة، فافهم حكمة الباري

واتە: عیززەتی دەست پاکی و ئەمینی، نرخی خوێنی ئەو دەستەی گران کردووە، وە خیانەت و ناپاکی دەستەکەش بێ نرخی کردووە .

بەڵام ئەمڕۆ چونکە شەرعی خوا بەتەواوی حوکمی پێ ناکرێ دەبینین دزی زۆر بووە، وە قوتابخانەی دزیش کە بەندیخانەکانن بەردەوام دزی مۆدێرن و شارەزا بەهەموو شێوازەکانی دزی تەخەرروج پێ دەکات، وە ئەگەر دزێك بێدەسەڵات بێت یان لێپرسراوێك دەستی ببڕێت لە پێش چاوی خەڵکی، ئەوە دەبێتە عیبرەت و پەند بۆ هەموو ئەوانەی کە نیەتی دزییان هەیەو لێپرسراوێتی بەکاردەهێنن بۆ دزینی ماڵی گەل ومیللەت! .

وە ئەگەر هەموو ئەو پیاو کوژە خوێن ڕێژانەش بکوژنەوە کە بەناحەق خوێنی خەڵکی دەڕێژن، ئەوە کوشتن و ئاژاوە کەم دەبێتەوە.

بەڵام بەداخەوە وازهێنراوە لە شەرعی خوا، وە قانونی دژ بە شەرعی خوا نەیتوانی چارەسەری تەواو دابین بکات، وەبەرهەمەکەشی ئەوەیە کە سەدان ڕێگرو چەتەو پیاو کوژ دەگیرێن و دوای ماوەیەك بەردەدرێن، بارودۆخی عێراق بەتایبەت باشوورو ناوەڕاستی عێراق باشترین بەڵگەی ئەم ڕاستییەن .

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

ماڵپەڕی ئیمان وەن

www.iman1.com

بەردەوام بە لەگەڵمان بۆ نوێ بوونەوەی ئیمان